# سەرگوزشتەکانی بۆق

و: سۆران مستەفا/لۆهان

## دوو بۆق

کۆمەڵێك بۆق بەنێو دارستاندا دەڕۆیشتن، لەناکاو چاڵێکیان کەوتە پێش و دوو بۆق کەوتنە نێو چاڵەکەوە.. چاڵەکە کەمێك قووڵ بوو، بە ڕواڵەت وا دیار بوو هەرگیز ئەو دوو بۆقە ناتوانن بێنە دەرەوە.

بۆقەکانی تر لە دەوری چاڵەکە کۆبوونەوە و تەماشای دوو بۆقەکەیان کرد، کە هەردووکیان بازیان دەدا تا لە چاڵەکە بێنە دەرەوە، بۆقەکانی دەرەوە باوەڕیان وابوو ئەو دوو بۆقە قەت ناتوانن بێنە دەرەوە، لەسەر لێواری چاڵەکە بە دەست و بە قاچ دەستیان کرد بە هاتوهاوار و ئاماژەکردن "خۆتان ماندوو مەکەن، ئێوە هەرگیز ناتوانن بێنە دەرەوە".

لە کاتێکدا بۆقەکانی دەرەوە ئەم قسانەیان دەگوت، یەکێك لە بۆقەکانی نێو چاڵەکە، هیوابڕ بوو و لەسەر ئەژنۆ کەوت و دواتر مرد، بەڵام ئەوی تر زیاتر بە ئاماژەکانی ئەوان خرۆشی دەهاتەوە بەر، تا لە کۆتاییدا لەناو چاڵەکە هاتە دەرەوە.

بۆقەکانی دەرەوە پێیان سەیر بوو، سەرەڕای قووڵی چاڵەکە و قسەکانی ئەوانیش، کەچی توانی بێتە دەرەوە، لێیان پرسی "چۆن توانیت بێیتە دەرەوە؟! ئەی گوێت لە قسەکانی ئێمە نەبوو!؟"

دەرکەوت بۆقەکە کەرە، ئەو هیچ گوێی لە قسەکانی ئەوان نەبوو، بۆیە وای زانیبوو ئەوان هانی دەدەن لەسەر ئەوەی زیاتر خۆی ماندوو بکات تا بتوانێ بێتە دەرەوە.

## منداڵەکان و بۆقەکان

هەندێ منداڵ لە نزیك گۆمێك یارییان دەکرد، لە کاتی یاریکردندا ژمارەیەك بۆقیان لەنێو ئاودا بینی و دەستیان کرد بە بەرد تێگرتیان، چەند بۆقێکیان کوشت.

یەکێك لە بۆقەکان سەری لەنێو ئاوەکە بەرز کردەوە و هاواری کرد: "لە ڕێی خوا، منداڵینە بووەستن! ئەو شتە بەلای ئێوەوە یاریکردنە، بەڵام مەرگی ئێمەیە".

## بۆقێکی ڕەنگ سەوز و بۆقێکی ڕەنگ مغاویری

بۆقێکی ڕەنگ سەوز و بۆقێکی ڕەنگ قاوەیی لە قەراغ گۆمێك ڕەخنەیان لە ئادگار و سیمای یەکتردا دەگرت و هەریەکەیان پێی وابوو خۆی جوانە و ئەوی تر ناشیرنە.

لە کاتێکدا ئەوان لەو قرەقرەدا بوون، کجۆڵەیەك بەوێدا تێپەڕی و قیژی خۆی لە هەردووکیان کردەوە و قیژەیەکی کرد و پێیەکی بە هەردووکیانەوە نا و ڕای کرد.

## مشك و بۆق و هەڵۆ

مشکێك کە هەمیشە ژیانی لە وشکایی بەسەر دەبات، بە هەڵکەوت ڕێی دەکەوێتە لای بۆقێك، بۆقیش وەك دەزانرێت، زۆربەی ژیانی لەنێو ئاودا بەسەر دەبات.

ڕۆژێکیان بۆقەکە دەیەوێ هاوڕاجییەك بکات و بە پەتێك قاچی خۆی و مشکەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە، بۆقەکە هەروەك هەروەك ویستی لەسەر ئەو کارەیە، کارەکە دەکات، ڕێبەرایەتی مشکەکەی دەکات و بەرە و هەرێزێك دەچن بۆ گەڕان بەدوای خۆراکدا. دوای ئەوە بۆقەکە بەرە بەرە مشکەکەی لەگەڵ خۆی ڕاپێچی لای گۆمێکی دەکات و تا دەگەن بە قەراغی گۆمەکە، بۆقەکە یەکسەر خۆی هەڵدەداتە نێو گۆمەکەوە و مشکەکەش بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ، بۆقەکە بە خۆشی لەنێو ئاوەکە مەلە دەکات وەك ئەوەی کارێکی باشی کردبێت، مشکی بەستەزمانیش هەر زوو لەنێو ئاوەکەدا گیانەڵا دەبێت و دەخنکێت، جەستەکەشی سەرئاو دەکەوێت.

لە ئاسمان، هەڵۆیەك چاوی بە جەستەی سەرئاوکەوتووی مشکەکە دەکەوێت، خۆی هەڵدەداتە خوارەوە و چرنووکەکانی لە مشکەکە گیر دەکات و دەیبات بۆ لانەکەی. بۆقیش کە تا ئێستا قاچی بە پەتێکەوە بەستراوەتەوە بە قاچی مشکەکەوە، ئەویش دەبێتە تیکەیەکی چەور بۆ پێچوەکانی هەڵۆیەکە.

# یەکگرتووی لاو



عومەر محەمەد سەعید

هەڵەبجەی تازە
شەشی دووە و
ئەمجارەشیان یەکگرتووەکەی هەناو و
دڵێ..
سۆمای چاو و پڕ میهر و گوڵ..
جیا لە ساڵان گەورە بووە و..
شانزە ساڵە!!
ئەمێستاکە
لاوێکی خوێن گەرم و چالاک
جێگای ئومێدی نیشتمانە!
گەر نایناسیت. پێناسەکەی زۆر ئاسانە!
چاوەکانی وردبین و تیژ و قاوەییە..
وەک خاک و شاخی نیشتمان !
دەشتەکانی پاک و بێگەرد..
سپی.. سپی..
وەک ناخی پاکی مەولەوی. قاچی نەمر
وەک پشتوێنەکەی مەولەوی و
شێخی نەمر!
پەیامەکەی روون و سادە
وەک زەمزەم و نێرگز و گوڵ..

******

گەر نایناسیت.. تەلەفۆن بکە؟!!
زەنگ لێ درا..
بەڵێ بەڕێز.. کێتان دەوێ؟

ئەمە جانتایەک دۆلارە و
پێشکەشتان بێت.
بەڵام تەنها..
لەم قۆناغەدا هەڵوێستێکی
شیاومان دەوێت کە بە تەنها
بەدڵمان بێت !

نەخێر بەڕێز..
تەپ و تۆزی چاوت بسڕە..
ژمارەکەت هەڵەی تیایە
هەڵوێستی ئێمە نە بە دۆلار و تمەنە..
نە بە یۆرۆ و لیرە و زێڕە!!
ببورە. ببورە. قوربان.
من ژمارەکەم زیاد لێدا وە..

******

دیسان زەنگە..
بەڵێ فەرموون..
کاکە تو خوا فریام کەون
منداڵەکانم هەتیون..
گوندەکەمان بێ مزگەوت و قوتابخانەیە
بێ جادەیە..
منداڵەکانمان بێ بەرنامەو
بێ زانیارین..
بەدەممەوە دێن.
یان ژمارەکەی من هەڵەیە؟!
نەخێر قوربان... سۆمای چاوان
تۆ خێر دەکەیتە بالاًمان
ئێرە. ئێرە یەکگرتووە
پاپۆڕێکە. هێمن. گەورە..
خەمی هەمووی هەڵگرتووە!

******

دیسان زەنگە..
ئەمە دەنگی یەکگرتووە؟
تو خوا کاکە فریام کەون ..
ئەم هەرێمە تینووی دەستی
بەدەستنوێژە ..
تینووی قورئان و حوجرەیە..
ئەوە کێیە؟
ئەمێستاکە لەلای لاوان غەریبی کردووە
فریاکەون ..
ئەم هەرێمە تینووی پرۆژەی پاکانە..
کار دروست بێت. بێ باکانە!
بەڵێ برام..
هاواری تۆ هاواری گشت نیشتمانە
ئەمێستاکە یەکگرتووەکەت شانزە ساڵە
لاوێکی خوێنگەرم و چالاک
بەپرۆژە و میهرەبانە
ئارامتان بێت.. بەڕێوەیە..
حیزبی پیاوانی تەنگانە
حیزبی پیاوانی تەنگانە
بۆ هەموانە..
بۆ خوشکانە..
بۆ منداڵانە..
بۆ پیرەکانە
لەنێو هەناوی
گەل و نیشتمانە..

# یادت بەخێر ٢/٦

موحسین شوانی/ مەخموور

یەکگرتوو!
ئەی خاوەن دوود ەستە سپییەکە،
موسا ئاسا،
لە بەرامبەر جادووی سەردەمدا
جاڕی ململانێی پاکیت دا..
ئەی خاوەن زاری پاک..
مێژەربەسەری ڕەوشتی چاک
هاروونی وتار پاراو
بانگی حەق و ڕاستیت درکاند
ڕووبەڕووی فیرعەون و سامری
وەستای و
پڕ بەدەنگت هاوارت کرد
گوێرەکەی ئەمڕۆش
لە ئاڵتوونە و
بۆنی نەوت و درۆی لێدێت!
تۆ کە هاتی مژدەت هێنی
بۆ ستەمدیدە و هەژارانی
مەملەکەتی ئالی و خانی..
ئەو ڕۆژەی تۆ
لەگەڵ سپێدەی شەشی دوو
دەرکەوتی..
ئیتر ئازت بۆ پێنازانی وڵاتت
گەڕاندەوە..
فرمێسکی چاوی هەتیوانی
ئەم نیشتمانە زامدارەت سڕی..
هەرکە هاتی ..
بوویتە گۆچانی بەساڵاچوان و
چاویلکەی کەم بینایان و
بەرماڵی نوێژی عابیدان و
میحرابی خواناسان و
خشتی خانووی هەژاران و
داسی دەستی جووتیاران و
پێنووسی مامۆستا و
قوتابیان و..
تەختەڕەشی قوتابخانە و
بویتە ئومێد و
بوویتە خۆزیا و
بوویتە هانا و
بوویتە فریا و
بوویتە سۆما و
بوویتە چرا و
بوویتە تەما و
بوویتە ڕووبار و دەریا و..
بوویتە پەناگەی پێنەوایان و
بوویتە مانا..
ئەی یەکگرتوو!
تۆ باوشی میهرەبانی..
تۆ ئامێزی بەخشندەیی..
بزە و خەندە و کامەرانی
ئاسوودەیی و بەختەوەریت
بۆمان هانی..
لەم پێناوەش
چەندان فوئاد و موشیرت
کردە قوربانی!
تا ئەم خەڵک و ئەم نەوەیە
دوور نەکەونەوە
لە خودا و پێغەمبەر و یارانی ..
یەکگرتووە ڕەنگ خاکییەکەم!
کە هاتی وتت
ئیتر دەرگای ماڵەکانتان لەسەر
پشتخەن..
ترسی دز و
ترسی شەوتان بڕەوێنن..
دەستان لەسەر
پەلەپیتکەی چەک هەڵگرن..
بەڵام ئەوسا
دز و جەردە پڕی شاربوون..
خەڵک نامۆ بوون
بە میانڕەوی
لە دوو بەرەی دژ بەیەک بوون..
یەکگرتووە دڵسۆزەکە!
کە تۆیان بینی بێ خەنجەر و
شمشێر و تیری..
بێ چواردەخۆر و
ئارپیجی و قامچی و زنجیری..
پێت پێکەنین!!
ئاخر حیزب لەم سەردەمە
مانای هێز و توندڕەوی بوو..
مانای شەڕ و
براکوژی و گەندەڵی بوو..
تۆی دەست سپی
بە هێمنی
پێت دەوتن
لەجیاتی دژی و دووبەرەکی
(با برایی)
لەجیاتی بەندی
با (ئازادی)
لەجیات ڕقی نایەکسانی
(داد پەروەری)..
ئاخر تۆ لاوێکی ژیر بووی
چۆن دەبێ ڕێنیشاندەری
چەند پیرێکی ئاخر شەڕ بی؟!
کاتێ وتت من ئیسلامی بە بێ
چەکم ..
چەکخوازانی هەردوو بەرە
توانجیان لێدای !
ڕێی ئیسلاحیان زوو لێ گرتی
وایانزانی
بە ئاسانی
نەخۆش کەوتی..



ئەمڕۆ سبەی
ئەتۆ مردی..
پەلەیان بوو
هەندێ کفنی زەرد و سەوز و
هەندێ سپییان بۆ کڕی !
هەندێ پرسە و
گۆڕیشیان بۆ نیشان کردی..
ئەی یەکگرتوو!
نەک نەمردی..
لە بەرامبەر زوڵم و ستەم
گەشەت کرد و هەر مایتەوە بە
نەبەردی..
دوای شازدە ساڵ
بەردەوامی لە خەباتی
ئیسلاحخوازی و کوردایەتی..

قەزای مەخموور ٢٠١٠/٢/٢٠